# کچێك ناوی بەهار بوو

**عەلی نارێنی**
alinarini@yahoo.com

هات چرایەکی بۆ هەڵکردم
کونجێك بۆ تەنیایی نەما
پڕ نەبێ لە ئاوەدانی
هات ساباتێکی بۆ چێکردم
دەرفەتێك بۆ دڵ نەما
پڕ نەبێ لە عیشق
هات گۆرانییەکی فێرکردم
سرەوتێك بۆ خەم نەما
لە شیعرما نەتوێتەوە
هات زمانێکی فێرکردم
بڕەستێك بۆ شیعر نەما
لێواولێو نەبێ لە ناسکی

ئەو کە هات لە عیشق  و حەزو پاکییا
سپی بوو
وەك زستانی سلێمانی
ئەو کە هات مۆسیقایەکی هێمن بوو

رۆح بخاتە بەر گۆرانی

ئەو کە هات خەنینەوەی هێزێك بوو

فڕینەوە ببەخشێتە

دوو باڵی شکاوی قەتێیەکی گەرمیانی

ئەو کە هات دەستێکی خستە سەر دڵم

هەر سەرەتا پەیامێکی دایە دەستم

نەم ئەزانی بیخوێنمەوە

نەم ئەتوانی هەروا سانا

لەو حەرفانەی سەر زارو سەر زمانم

دێڕێکی بۆ بهۆنمەوە

هەر ئەو دەمە لە ماسییەکی خرپن ئەچو

لە دەریای تەنیایی خۆی پەڕیبێتەوە

بۆ بەر بارانی سۆزی من

لە چۆلەکەیەکی جوانکیلە ئەچو

سەرو بژی دارستانی جێهێشتبێت

بۆ هێلانەی باوەشی من

هاتنی ئەو

وەرزی زیوینی شیعری من بوو

هەڵگەڕانەوەی مێژوو بوو بەڕووی نووسینەوەیدا

پەڕینەوەی جەستەبوو بە ئازاریبریندا

راچەنینی شیعر بوو لە ژێر بارانی ئەویندا

چەند گەورەبووم ئەو دەمەی

کە هەستم بە عیشق کرد

چەند مناڵ بووم پێدەکەنیم لە عیشقا

هەر ئەو دەمەی کە ئیتر پشکۆی ئارەزوو

بەربویە پەڕەی خەیاڵ و..

ئینجانەی دڵ تەژی بوو لە گوڵی حەزوو...

گیانیش بوو بە بەرچنەی ئومێدو هیوا

هەر ئەو دەمە

من لێواولێو بووم لە عیشق و...

ئەو لە ناز

ئەو پڕاوپڕ بوو لە جوانی و...

من لە راز

بە هاتنی ئیتر باڵی تەنیایی شکا

ئیتر خەمم رەوییەوەو

ئیتر زمانی پێنوسم بوو بە شەکر

بە هاتنی ئیتر دیقەتم بوو بە نیگاو...

ئیتر حەرفم بوو بە وشەو...

ئیتر دەقی وڕێنەشم بوو بە شیعر

کچێك ناوی بەهار بوو

چاو بە سۆزو...

دەم بە خەندەو...

دڵ بە عیشق

لە ئەوەڵین دیدارەوە هات و رژایە گیانمەوە

کارمامزێکی بەناز بوو

بەسەر ساڵ و...

رۆژەکانی

بەسەر شیعرو...

حەرفەکانی

بەسەر وەرزو...

رەنگەکانیدا، قەڵەمبازی ئەکرد

گەواڵەیەکی میهرەبان بوو

پەیتا...پەیتا

بەسەر کێڵگەی گیانمدا

بارانی عیشقی ڕۆ ئەکرد
ئەو جوانترین خەیاڵ بوو
نە کاتی ئەخوێندەوە...
نەش سنووری ئەناسی
ئەو وەرزێك بوو لە عیشق و
هاتبووە بەر پەنجەرەکەم
ئەو دێڕێکی تەڕ و ناسکی شیعر بوو
هاتبووە سەر پەڕەکانی دەفتەرەکەم

کچێك ناوی بەهار بوو
لەو ڕۆژەوەی کە یەکەم سەرنجی دزیم
بەتان و پۆی خەیاڵمدا هەڵزناو
چاوەکانی پڕ کردم لە بێداری
سەری مەست کردم بە ئارەزوو
دڵی شەق کردم بۆ ویساڵی و
گیرفانیشی پڕ کردم لە بەیت و نەزمی دڵداری
ئەو وابوو وا
پێئەکەنی کە باوەشم هێشتا چۆڵ و بێ سروەیەو
بۆ تەنیایی روحیشم خوڕ خوڕ بە کوڵ ئەگریا

## ئەو وا بوو وا

کچێك ناوی بەهار بوو
هەمیشە تەڕ وەکو چاوی بەهار و...
هەمیشەش تەڕ وەکو جوانی
ئەو بەهارێك بوو لە عیشق و شیعر و سۆز
کە هات، تەنیا وەرزێك خۆی بەخشییە
تەمەنی خونچەی ئەم دڵە
کە رۆیشتیش، من
ساڵێکە روحم تینووە
بۆ گەڕانەوەی بەهار و...
ساتێك ژووانی ئەو گوڵە
کە رۆیشتیش لەگەل خۆی دا،
ئاوەدانییەکانی بردەوەو...تەنیاییەکانی بۆ جێهێشتم
گۆرانییەکانی چنییەوەو...خەمەکانی دایە دەستم
شیرینییەکانی راماڵی و...سوێرییەکانی بۆ هەڵڕشتم
ئاوێنەکانی شکاندو ...ئارەزووەکانی پێ کوشتم
باخچەکانی ووشککردەوەو...
خەمی هەڵوەرینی گوڵ و...

سووتانی خەونی پەپوولەو...
شکاندنی گۆزەی یادگاری و...
ئێشی زڕانی خەونی ئەرخەوانی پێچەشتم
کە ڕۆیشتیش
هیچی بۆ جێنەهێشتم، هیچ
باوەشێ یادگاری نەبێ
دڵێکی بێ قەرار نەبێ
خەونێکی گەورەی سوور باو و
خەمێکی شین باو نەبێ
هیچی بۆ حێنەهێشتم، هیچ
تەنیا و تەنیا
شیعرێکی باڵشکاو و
خۆمی دڵشکاو نەبێ

کچێك ناوی بەهار بوو
ئەو دەمێکە نەخشی خۆی
لە سنگمدا هەڵکۆڵیوەو
دەمێکیشە بوخچەی وەرزو
بوخچەی عیشقی پێچاوەتەوەو

**کەچی ئێستاش هەر کە ویستی**

**ئەمباتەوە کۆشی باخچە**

**ئەمباتەوە لای رەشبەڵەکی گوڵان و**

**ئەپرسێ.. من جوانم یان گوڵ؟**

**ئەمباتەوە سەرەتای منالّی**

**ئەمباتەوە مالّی شیعر و**

**ئەپرسێ..من ناسکم یان ئەو؟**

**ئەمباتەوە دوورترین رێگا**

**ئەمباتەوە سارای خەیالّ و**

**ئەپرسێ..قژی من درێژە یان شەپۆلی ئەو؟**

**ئەمباتەوە ئامێزی نیشتیمان**

**ئەمباتەوە کۆنە هەوار و**

**ئەپرسێ..باوەشی من پڕ سۆزە**

**یان کۆشی ئەو؟**

نەورۆزی/2005